---

## بەشی چوارەم
## ئاڵا -الراية (العلم)– Flag

### پێناسەی ئاڵا

ناسنامەو رەمزو شەرەف و شکۆمەندی و مێژووی نەتەوەییە، هێما و ناسنامە و نەتەوەو دەوڵەت و هەرێم و حزب و گروپەکانە، شانازییەکی بەرجەستە کراویانە، نیشانەی ناسنامەی نەتەوەو هەبونی گەلانە لە جیهان. لە بواری دیکەشدا هێمای ناسینەوەی ( دەوڵەت- نەتەوە- گروپ- ڕێکخراو و پارتی سیاسی- یانەی وەرزشی و دەزگای فەرمی.. .. هتد). ئاڵا وشەیەکی کوردییە و لە دوو بڕگەی "ئا+ڵا " پێک دێت، لە مێژووی کوردا چەندین زاراوەی دیکە بەکارهێنراون وەکو "بەیرەق، ئالە، بەندێر، بەیداخ، ئاڵایی و پەرچەم..... هتد."

### مێژووی ئاڵا لە جیهاندا

#### ١. چاخە کۆنەکان:

دارێکی درێژ چەقێنراوەو نیشانەیەکی پێوە لکێندراوە، بۆ ئەوەی خێزانەکەیان بە شوێنی کارکردنەکەیان بزانێت. مێژوونووسان پێیوایەی چوار هەزار ساڵ پێش زایین لە خاکی میزۆپۆتامیا (کوردستان) هەڵدراوە، ئەمەش لەلایەن ئاشوورییەکان و سەفەوییەکان و ساسانی و میدیاکان و سۆمەرییەکان و پاشان شارنشینە یۆنانییەکان و قەیسەرەکانی ژاپۆن و چین، لەو سەردەمەشدا ئاڵا بۆ یەکەمین جار لە پێستی ئاژەڵ دروست کراوە. هەندێک سەرچاوەش بەکارهێنانی ئاڵا بۆ میسرییە کۆنەکان دەگەڕێننەوە. ڕۆمانییەکانیش خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندن لە ئاڵا و شەش جۆر ئاڵایان هەبووە بۆ هێزەکانی دەریایی و وشکانی.

#### ٢. سەردەمی نوێ:

لە مێژووی نوێدا بۆ یەکەمین جار دانیشتوانی دوورگەی هیندی ڕۆژهەڵات و چینییەکان ئاڵایان بە شێوەی قوماش بەکار هێناوە. بەریتانییەکان لەساڵی ١٤٨٥ ئاڵایان بەکارهێناوە، عەرەبەکانیش لەسەردەمی بەر لە هاتنی ئیسلام ئاڵایان بەکارهێناوە.

### پرۆتۆکۆڵی بەرزکردنەوەی ئاڵای وڵاتان و کۆمپانیاو دەزگاکاکان

١. ڕۆژانە ئاڵای نیشتمانی لەسەر نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و کونسولگەری بەرز دەکرێتەوە.

٢.هەڵکردنی ئاڵا قەدەغەیە کە کاڵ بووەتەوە.

٣.ئاڵای دەوڵەت لەسەر وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکان بەرز دەکرێتەوە.

٤. لە کاتی بەرزکردنەوە و دابەزاندنی ئاڵاکان، بە ئاڵای دەوڵەتیشەوە، دەبێت سەرەتا ئاڵای دەوڵەت بەرز بکرێتەوە، پاشان ئاڵای دەوڵەت لە کۆتاییدا دابەزێنرێت.

---

٥.ئاڵا لەسەر مەست هەڵدەگیرێت نەک بە دەست.

٦. لە کاتی هەڵکردنی ئاڵا بۆ میوانی دەوڵەت لە فڕۆکەخانە، یان لە شوێنی سەردانکردن، دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە سەرەتا ئاڵای دەوڵەت بەرز بکرێتەوە پێش ئەوەی ئاڵایەکی دیکە هەڵبکرێت.

٧. کاتێک ڕێککەوتنێک لە نێوان دوو وڵات واژوو دەکرێت، ئاڵای ئەو دوو وڵاتەی کە ڕێککەوتنەکەیان واژوو کردووە، لە پشتی هەردوو سەرۆک یان لە پشتی نوێنەرانی دوو وڵاتەوە دادەنرێت.

٨. یاسا نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نابێت لە کاتی ئاشتیدا ئاڵای وڵاتێک بەرزتر لە ئاڵای وڵاتێکی تر بەرز بکرێتەوە.

٩. دروست نییە ئاڵای بیانی لە ئاستێکدا بەرز بکرێتەوە کە بەرزتر بێت لەو ئاستەی کە ئاڵای وڵاتەکەی لێبەرز دەکرێتەوە.

١٠. دروست نییە ئاڵای بیانی لە وڵاتدا لەسەر هیچ باڵەخانەیەک بەرز بکرێتەوە، مەگەر ئاڵای وڵات لە تەنیشتی بەرز نەکرێتەوە (جگە لە باڵیۆزخانەکان و کونسوڵخانەکان و بیناکانی سەر بە خۆیان).

**ڕێوڕەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتنامەکان**

بەرپرسی لایەنی میواندار لە لای چەپی مێزەکە (لەلای ڕاستی چاودێرەکەی بەرامبەری) دادەنیشێت، لەلای ڕاستیشیەوە هاوتاکەی لە دیوەکەی تر دادەنیشێت و تەنها کەسێک لە پشتی هەریەکەیانەوە وەستاوە بۆ تێپەڕاندنی بەڵگەنامەکان، ئەگەر بڕیار بێت ڕێکەوتنەکە بە ئامادەبوونی سپۆنسەرێکی شەرەف (سەرۆک، وەزیر، سەرۆکی دەستە .....هتد) واژوو بکرێت، ئەوا لە پشتەوە لە ناوەڕاستی مێزەکەدا دەوەستێت.

**دانانی ئاڵا لە کاتی واژووکردنی ڕێککەوتنەکان**

ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندن لە کاتی واژووکردنی ڕێککەوتنەکاندا شێوەی جیاواز وەردەگرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. ئەگەر ڕێککەوتنەکە لە نێوان دوو ئۆرگانی فەرمی دوو وڵاتدا بوو، ئاڵای بچووک (ئاڵای مێز) بۆ هەریەکێکیان لە ناوەڕاستی مێزەکەدا دادەنرێت کەمێک بەرامبەر ئەو لایەنەی کە نوێنەرایەتی دەکات.

٢. ئەگەر ڕێککەوتنەکە لە نێوان دامەزراوەکە و کۆمپانیایەکی بیانیدا بێت، ئەوا ئاڵای نیشتمانی لەسەر دار ئاڵا دەبێت لەلای ڕاستی باکگراوندەکە (لەلای چەپی بینەرەکە ڕووی لێ دەکاتەوە)، هەروەها ئاڵای بچووکی دامەزراوەکە و کۆمپانیاکە ( بەبێ ئاڵای وڵاتەکەی) کەمێک لە ناوەڕاستدا لەسەر مێزەکە دادەنرێت، ڕووبەڕووی ئەو حزبە دەبێتەوە کە نوێنەرایەتی دەکات.

---

**پێناسەی ئاڵای کوردستان**

ئاڵای کوردستان پێک هاتووە لە سێ ڕەنگی (سوور و سپی و سەوز) و دروشمێک لە ناوەندی.
ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتووە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕەنگی سپی یە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە. بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێ درێژییەکەیەتی.

**هێمای نەتەوەیی ئاڵای کوردستان**

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە کە ڕێکەوتی ٢١ی ئازار دەگەیەنێت کە نەورۆز و سەرەتای ساڵی کوردییە .
بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێیەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خاڵێکی تیژ دروست دەکەن. خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کورستان جێگیر بێت. خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ (تیشک) تێدەپەڕێت.

**شێوەکانی بەکارهێنانی ئاڵا**

١. هەڵواسین بە دار (ستوون)؛ پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.
٢. بەرزکردنەوەی لە باری پانی؛ ڕەنگی سوور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.
٣. بەرزکردنەوەی لە باری درێژی؛ ڕەنگی سوور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.
٤. لە یەخەدانی وەک ڕۆزلێت لەسەر سینگ؛ لە لای چەپ لەسەر دڵ دەدرێت.
٥. دانان لەسەر مێز؛ پێویستە بە لای چەپ بشەکێتەوە.

**شێوازە هەڵەکانی بەکارهێنانی ئاڵا**

**١.** نابێت بە هیچ شێوەیەک ئاڵا لوول بکرێت.
**٢.** نابێت بە هیچ شێوەیاک ئاڵا بە پێچەوانەوە دابندرێت یان بگیرێت.
**٣.** هەر جۆرە سووکایەتیەک بە ئاڵا سزای زیندانە.
**٤.** نابێت ئاڵا بە شێوەی جلوبەرگ و پێداویستییەکانی رۆژانە بەکار بهێنرێت و و بکرێتە لۆگۆو ئاڵای کۆمپانیا، یان وەک لافیتە لە بۆنەکان شتی لەسەر بنووسرێت .....هتد.

---

**ڕۆژی ئاڵا له کوردستان**

پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە(٢٦)ی ڕێکەوتی (١٩٩٩/١١/١١) یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراقی دەرکردووە، پاشان بە بڕیاری ژمارە(٤٨)ی ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٦/١٩) پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت و لەو ڕۆژەدا سەرجەم ئاڵاکانی سەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێن و نوێ بکرێنەوە. هۆکاری دانانی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی کۆماری مەهاباد هەڵگیران و پارێزگاریان لێکرا ، پەرلەمانی کوردستانیش وەک ڕێزێک بۆ ئەو ڕۆژە ١٧ی کانوونی یەکەم یان دیاریکرد بۆ ئەوەی بۆهەموو جیهانی بیسەلمێنن کە نەوەکانی قازی محەمەد و کوردستان ماون و نەمردون، دوای ئەوەش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی هەرێمی ژمارە(٦٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/٦) شوێنی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی دیاریکردووە.